The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# فرانس ڤان ئەنرات لە زیندان مایەوە

ڕۆژی هەینی 2-9-2005 کاتژمێر 10 ی سەرلەبەیانی خولی سێیەمی دادگایی فرانس ڤان ئەنرات لە دادگای شاری لاهای هۆڵەند دەستی پێکرد .

لە سەرەتاوە دادوەر دۆسیەکەی کردەوە , بە دوایدا وزارەتی داد ئەو دۆکۆمێنتانەی تا ناوەڕاستی مانگی 8 ئامادەیان کردبوو پێشکەشکرد , ئەوانەش بریتین لە :-

- شایەدی کۆمپانیا یابانییەکان.
- زیادکردنی وتەکانی عەلی کیمیاوی .
- زیادکردنی ڕاپۆرتی ئەمنستی ئەنتەرناسیۆنال لەسەر جینۆسایدی کورد .
- وتەی هەندێك لە شایەدەکان لە ئێرانەوە .
- ژمارەیەك سی دی باس لەو هەواڵانە دەکات لە ساڵانی 1988 لەسەر ڕوداوەکانی کوردستانی باشور بڵاوکراوەتەوە .
- ژمارەیەك دۆکۆمێنت لە ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیاوە لەساڵانی هەشتاکان .
- دۆکۆمێنت لەسەر ئەو بریندارانەی هێنراون بۆ هۆڵەندەو بەلجیکا .

بە دوایدا , پارێزەری تاوانبار داوی ئازادکردنی تاوانباری کرد , کە لە 7-12-2004 ەوە لە زینداندایا .

باسی لەوە کرد کە هێشتا ساغ نەبونەتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەو مەوادانەی ئەنرات فرۆشتویەتی بە بەغدا دژ بە هاوولاتیانی کورد بەکار هاتبێت , نموونە فەحسی گڵ .

بەڵام لە وەڵامدا وەزارەتی داد وتی:

ئێمە ساغ بوینەتەوە . غازی TDG , غازی مۆستەری لێدروست دەکرێت , لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو ناوچەکانی دیکەی کوردستان بەکارهێنراوە . فرانس ڤان ئەنرات داوییەتی بە بەغدا , لە کارگەی موسەنا مۆستەر گاز دروستکراوە و لە کوردستان بەکار هاتووە .

بۆیە داوای پارێزەری تاوانباری بە بێ بناغە زانی و وتی : لەبەر ئەوەی تاوانبار خۆی لە یاسا دزیبوەتەوە , بۆیە بڕیاری دا تا 21-11-2005 لە زیندان بمێنێتەوە .

دادگای داهاتوو کە خولی کۆتاییە لە بەرواری 21-11-2005 لەهەمان شوێن دەبێت و 3 هەفتە درێژە دەکێشێت .

pdfMachine
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, if you can print from a windows application you can use pdfMachine.
Get yours now!

3 هەفتە قسەو باسکردن لە پرۆسەی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لە ڕاگەیاندنی هۆڵەندی و جیهانی بۆخۆی ڕوداوێکی گرنگە .

بەڵام سەرکەوتنی  کێشەکە بە قازانجی قوربانیانی کوردستان , زیاتر جینۆسایدکردنی گەلی کورد و دادگایی کۆمپانیا و تاوانباران دەکاتە کێشەی ڕۆژەف .

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد —چاك**

**2005–9–2**

**www.chak.info**
**chak_org@yahoo.com**



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, if you can print from a windows application you can use pdfMachine.
Get yours now!









**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, if you can print from a windows application you can use pdfMachine.
Get yours now!